**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساكاریی پەرلەمانی كوردستان كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٢/٣/١ كردوویەتی، بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا**

**لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

خاڵی (٣)ی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٨)ی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەیەک بە زنجیرەی (سێیەم) بۆ ماددەكە زیاد دەكرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پەیڕەوێک ڕێكدەخرێت كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٢):**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی (٣):**

كار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت.

**هۆیەكانی دەرچواندن**

بەمەبەستی دەستنیشانكردنی لایەنی پەیوەندیدار بە دیاریكردنی ئەرک و دەسەڵاتی پێكهاتەكانی وەزارەتی كارەبا لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

**هەولێر**
**٣٠/ ٣ /٢٠٢٢**